ڕۆژی ڤالنتاین: نایەکسانییە ڕەگەزیەتییەکان و نەبوونی پانتای کراوە لە کوردستان

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

ڕێکەوت: 2006/02/14

ڕۆژی ڤالنتاین لە کوردستان (Dil do dil regayia heye,s) تەنانەت لە ئێستادا، سەرەڕای بوونی هەموو نایەکسانییە ڕەگەزیەتییەکان و نەبوونی پانتای کراوە ئەوە دەگەیێنێ کە دوو دڵ هەمیشە سادەترین ڕێگە بۆ پێکەوە بوون نادۆزنەوە.

شەوێکی پاییزیی زۆر تاریک و کەمێک سارد بوو. سەگەکان دەوەڕین. کەریم کامڵ لە پشت دیوارەکانی گەڕ خۆی حەشار دابوو، ئێرە هی یەکێک لە دەوڵەمەندترین بنەماڵەکانی ناو گوند بوو. سەروێنە کوردییەکەی لە سەر کردبوو کە تایبەت بە ناوچەی موکریان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران)ـە و بە ئارامی و دان بە خۆداگرییەوە چاوەڕێ بوو، جگەرەیەکی دەستپێچی بە دەستەوە بوو. کەریم تەمەنی 18 ساڵانە مێرمنداڵێکی تەمەن 18 ساڵە لە ساڵی 1960 زایینی.

پاش کەمێک ئامین لە ناو دڵی تاریکییەوە دەرکەوت و بەرەو گەڕ وەڕێکەوت. ئامین کۆڵەی پێ بوو (جۆرێک نان کە بۆ سەگ ئامادە دەکرێ) سەگەکان لە خۆشیان دەستیان کرد بە کلکە سووتێ، ئەوان تێدەکۆشان نانەکە لە دەست ئەم کچە کەمتەمەنەکە بستێنن. کچە دەگریا، لە ڕاستیدا ئەو شتێکی لە ژێر قۆڵی حەشار دابوو. دیار بوو هەوڵی دەدا کە نەبینرێ، بەردەوام سەیری پشت سەری خۆی دەکرد، لە کەریم نزیک بووەوە و بە ئەسپایی چرپاندی: لێرەی؟ من خۆراکم بە سەگەکان دا، ئەوان بۆ ماوەیەک لە وەڕین دەکەون، وەرە با ڕا بکەین. ئامینە تەمەنی 17 ساڵان بوو. ئەوا بەرەو چیاکان ملیان پێوە نا و لە دەرەوەی گوند چاویان بە چاوساغەکەیان کەوت، ئەم کەسە یەکێک لە خزمەکانی کەریم بوو. ناوبراو بە تووڕەییەوە وتی: دەبێ هەر لێرەوە هەتا پەسوێ ڕا بکەین و ئینجا ئۆتومبێلێک بگرین و بەرەو شاری نەغەدە بچین. هەر سێ هەڵاتووەکە لە تاریکی شەودا ون بوون. پاش چەند کاتژمێر گوێیان لە دەنگی سمی ئەسپەکان بوو، پیاوان بە تووڕەییەوە دەیانگوڕاند، ئەم سێ کەسە باش دەیانزانی ئەم پیاوانە کێن و لە چی دەگەڕن. باوکی ئامین کۆمەڵێ پیاوی لە گوند کۆ کردبووەوە و لەگەڵ دوو کوڕەکەی خۆی بە شوێن ئەم دوو دڵدارە گەنجەدا دەگەڕان. هەر دووکیان

---

[1]- خەڵکناس و لێکۆڵەر
kameel14@hotmail.com
http://kameelahmady.com

بێوچان ڕایان دەکرد و ئینجا لە پشت چەند تاشەبەرد خۆیان حەشار دا. ئەوان تفەنگە چێکراوەکانی بریتانیا کە لە سەر شانی پیاوان دەبینی. بە بێ ئەوەی ئەم سێ کەسە ببینن بە لایاندا تێپەڕین.

ڕۆژی دوایی بنەماڵەی کەریم بە خۆشحاڵییەوە خۆیان بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری ئاماده دەکرد، ئەوان پێوشوێنی ئەنجامی ئەم ڕووداوە بوون، بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئامینەی کەم تەمەن. هەڵبەت هەتا ئەو کاتەی ڕاسپاردەکان نەنێردرابان بۆ ماڵی ئامینە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ ئاشتی ئەم دو بنەماڵە بکەن ئەم ڕووداوە ڕووی نەدەدا. بنەماڵەکانی کەریم و ئامینە یەکتریان باش دەناسی. کەریم سێ جار داوای لە بنەماڵەی ئامینە کردبوو کە ئیزنی پێ بدەن هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەیان بکا و هەر جارەو بە هۆی ئەوەی کەریم منداڵی گوند نەبوو و لە شارەوە هاتبوو ئەم داخوازییەیان ڕەت دەکردەوە. ڕەنگە ئەوان دەیانویست ئەرخایەن بن کە کچە نازدارەکەیان لە خۆیانەوە نزیک بێت. لە کۆتاییدا کەریم بە پێداگری ئامین بڕیاری دا خۆی کاروبارەکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام دەبا نێوان ناخۆشی نێوان بنەماڵەکان خۆش ببایەتەوە. ڕیش سپی و مەلا جبێێکیان بە کرێ گرت بۆ ئەوەی بچنە ماڵی ئامین و لەگەڵیان ڕێک بکەون. دیسانیش پاش سێ جار هەوڵدان گەورەترەکانی ئامینە ڕێک نەکەوتن، ئەوە ئاشکرا بوو کە تاکە یەک ڕێگە بۆ چارەسەری ئەم کێشە بوونی هەیە، ڕێگەیەک کە مافی بنەماڵەی ئامینە قەرەبوو دەکاتەوە و داپەڕی بووێرانەی ئەم دوو گەنجە دڵدارەی کاڵ دەکردەوە. ڕێگە چارە ئەوە بوو کە خوشکی کەریم، واتە کولسووم، هاوسەرگیری لەگەڵ برا گەورەترەکەی ئامین بکات. کولسووم خۆی کچێکی گەنجی خاوەن ئارەزووی ڕۆمانسی تایبەت بە خۆی بوو بەڵام نەدەبا لەم بارەوە بۆچوونی خۆی دەربڕیبایە، نێوکی ئەویان بۆ ئامۆزاکەی بڕیبوو و ماوەیەک بوو لە شاری خۆیاندا دڵی چووبوو لە پیاوێک، بەڵام وردە وردە ناچار بوو نە تەنیا لەبەر کەریم و ئامین، بەڵکوو بۆ باشتربوونی بارودۆخی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بنەماڵە خۆشییەکانی خۆی فیدا بکات.

هەموو شتێک ئاسایی بووەوە، هاوسەرگیری وابەستە بە گوند بوو، ڕێز و حەیای دوو لایەنەی هەر دوو بنەماڵەکە چووبووە ژێر پرسیار و ڕیش سپییەکان لەم بارەوە ڕێک کەوتن. کولسوومیان ناچار کرد شوو بکا بە قادری برا گەورەی ئامین، کەسێک کە هەتا هەنووکە نەیبینیبوو. دەزگیراندارێتی کولسووم و قادر بە تێپەڕاندنی هەموو قۆناغە یاساییەکان لە نووسینگەیەک لە شاری مەهاباد ئەنجام درا و هاوسەرگیری کەریم و ئامینیش هەر لەو ڕۆژەدا ئەنجام درا. ئامین بە خۆشی و شادییەوە شووی بە پیاوێک کرد بوو کە خۆی هەڵبژاردبوو بەڵام کولسووم کچێک بوو کە لەم بەینەدا ئەسرینی دەڕشت. ناوبراو بە درێژایی ئەو شەوە بۆ ئەو عەشقەی کە لێیان زەوت کردبوو فرمێسکی هەڵوەراند.

ڕیش سپییەکان کە لەم ڕووداوە قازانجیان پێ گەیشتبوو دڵخۆش بوون کە چوار کەس بەم شێوە پێکەوە هاوسەرگیریان کردبوو و بەم شێوە ئەم هاوسەرگیرییە توانیبووی ببێتە هۆی دروستبوونی بنەماڵەیەکی گەورەتر. کولسووم هیچکات بە هۆی ئەم بابەتە گەورەترەکان و مام و ئامۆزاکانی نەبەخشی. و لە درێژەی ژیانی دا لەم بارەوە بێدەنگی هەڵبژارد و تەنیا هەندێ جار سەبارەت بە پرسگەلی وەکوو عەشق و ژیان هەندێ قسەی بە گوێی ژنانی دیکەی خزم و کەسدا دەچرپاند. ئەو باش دەیزانی کە ئەو تەنیا کەسێک نییە کە تووشی ئەم چارەنووسە هاتووە. ئامین وەها هاوسەری خۆی خۆش دەویست کە نازناوی لەیلیان (کە لە چیرۆکی ڕۆمانسی و عاشقانەی کوردی لەیلی و مەجنوون هەڵگیرابوو) پێ بەخشیبوو. ئەوان بوون بە خاوەنی شەش منداڵی جوان و ژیکەڵە و هەتا کاتی کۆچی دوایی ئامین لە 2005 پێکەوە ژیانیان بە سەر برد.

کەریم باوکم و ئامین دایکم بوو.



ئەوڕۆ کە بە مەبەستی چوونە شوێنی کار لە ماڵ وەدەر کەوتم بەسەرهاتەکەی ژێرەوەم لە ڕۆژنامەی گاردییەن بینی. https://www.theguardian.com/world/2007/oct/01/gender.lifeandhealth

لە پڕ ئەم چیرۆکە ڕایچڵەکاندم و من بڕیارم دا هەستی خۆم بخەمە پاڵ بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی بنەماڵەکەم. دڵنیام بۆ هەندێ کەس ئەم بەسەرهاتە وەبیرهێنەرەوەی بیرەوەرییەکانی ڕابردووە کە ئەوان لێی بێئاگان و ڕەنگە لە مێژووی بنەماڵەیی ئێوەشدا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەها حاڵەتگەلێک بوونی هەبێت. شادیی ژیانی جوانی کولسووم لە بار چوو لە بەر ئەوەی لە دنیایەکدا کە ئەو کات ئەوی تێدا دەژیا ژنان هاوشێوەی کاڵا بوون و لەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە ژیانی ئەوان دەدرا، هیچ دەورێکیان نەبوو.

بە هۆی نەبوونی کوالێتی گونجاوی نێوان پیاو و ئافرەت، هیچ پانتایەکی کراوە لەم کۆمەڵگایەدا بۆ دەربڕینی هۆگریی عاشقانە و عەشقی ڕاستەقینە بوونی نییە و ناتوانرێ ئەم هەستانە بە ئاسوودەیی پیشان بدرێت. لە حاڵێکدا کە ڕۆژی قاڵنتاین بۆتە بیانوویەک بۆ کۆمپانیاکانی ئامادە کردنی کارت و گوڵ بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە لە بریتانیا داهات دەست بخەن، بیانوویەکی زۆر باشە بۆ ئێمەش بۆ ئەوەی بەو کەسانەی وا لێمان نزیکن بڵێین من عاشقی تۆم و من تۆم هەڵبژاردووە.

هەڵبەت چەندین دەیە لە بەسەرهاتی ئامینە و کەریم و بەسەرهاتی دڵهەژێنی کولسووم تێپەڕ دەبێ و هێشتاش دەبینین کە لەم چەشنە داپەڕانە هەر باون. جیا لە ڕێژەی زۆری ئێن جی ئۆ و دامەزراوەی مافەکانی ژنان و ئەندامانی نەوەی گەنجتر، ئەوان هێشتاش لە هەمبەر وەها داپەڕگەلێکدا دەسەڵاتی دژایەتیان نییە. ئەرکی سەر شانی ئێمە ئەوەیە بە شێوەی چالاک خۆمان ڕابهێنین و لە بارەی ئەم بابەتانە شت بنووسین و تێبکۆشین ئاستی وشیاری خۆمان سەبارەت بە داپەڕە کەلتوورییەکان بەرز بکەینەوە.

ئەم وتارە پێشکەش بە یاد و بیرەوەری ئامین ئینفراددییە کە ڕۆحە سەربەستەکەی و ئەو عەشقەی کە بووی ئەوی کرد بە شەرڤانێکی شاراوە بۆ ئازادی ژنان، تەنانەت بەر لەوەی کەسێک لە کۆمەڵگای کوردستان لەم بارەوە قسە بکات. ناوبراو بەم کارەی کوڕێکی پەروەردە کرد کە ئیشەکەی بردنە ژێر پرسیاری هاوڕەگەزەکانی خۆیەتی و هەمیشە هەستی خۆی بە دەنگی بەرز دەردەبڕێت.

کامیل ئەحمەدی / بڵاو کراو لە ڕۆژنامەی گاردییەنی ئینگلیزی / 2007

https://www.theguardian.com/world/2007/oct/01/gender.lifeandhealth

سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «ناموووس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبوڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009)

-**بە ناوی نەریت** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنووڕەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دواین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com